# ڕاستکردنەوەی هەندێ لە بۆچوونەکان لەبارەی ئیبنوئادەمەوە

د.ئاراس محەمەد ساڵح
(زانکۆی سلێمانی - کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان)

ئەحمەدی ئەحمەدیان بابەتێکی لەبارەی زانای گەورە ئیبنوئادەمی باڵەکییەوە لە ژمارە (٢٤١) گۆڤاری (ڕامان)دا بڵاوکردوەتەوە، لەو بابەتەدا نووسەر کۆمەڵە زانیارییەکی مێژوویی لەبارەی ئەو زانا گەورەیەوە نووسیوە کە پێویستیان بە ڕاستکردنەوە هەیە، چونکە نووسینەکەی بابەتێکی مێژوویی گرنگە لەبارەی یەکێک لە زانا گەورەکان و مێژووی مەعریفی و خوێندەواری میللەتەکەمان.

سەرەتا هەرچەندە نووسەر لە نووسینەکەیدا دەڵێت: (بەپێی سەرچاوەی باوەڕپێکراو) بابەتەکەی دەنووسێت، بەڵام هەندێ زانیاری تێدایە لە هیچ سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراودا نەهاتووە، پاشان دەڵێت: (لە سەردەمی بداغ خانی موکری ئیبنوئادەم هاتە سابڵاغ و لە سابڵاغ ژیانی تێپەڕکرد و سی و پێنج ساڵ لە مەهاباد مایەوە).

لە گرنگترینی ئەو سەرچاوانەی باسی ژیانی ئیبنوئادەمیان کردووە کتێبی (الشيخ معروف النودهي البرزنجي للشيخ محمد الخال، ص١٠٣-١٠٥، هەروەها: علماؤنا في خدمة العلم والدين للملا عبدالكريم المدرس، ص٥٠٧-٥٠٩. حاجی قادری کۆیی، مەسعوود محەمەد: ب٢ل١٨ بەدواوە) ئەمانە سەرچاوەی باوەڕپێکراوی سەرەکین بۆ ژیاننامەی مەلای ئیبنوئادەم، هیچ یەکێک لەو سەرچاوانە باسی ئەوەیان نەکردووە مەلای ئیبنوئادەم (٣٥) ساڵ لە سابڵاغ مابێتەوە و سەرقاڵی دەرس وتنەوە بووبێت.

ئەم زانیارییانەی مامۆستای ئەحمەدیان پێویستیان بەڕاستکردنەوە هەیە، یان ئەگەر ڕاستن پێویستیان بە سەرچاوەی باوەڕپێکراو هەیە، مەلای ئیبنو ئادەمی باڵەکی لە ساڵی (١٧٤٧، یان ١٧٥٠ز) لە گوندی ڕۆستی ناوچەی باڵەکایەتی لە دایک بووە، سەرەتای خوێندنی لای باوکی بووە، پاشان بۆ تەواوکردنی خوێندن چووەتە لای مەلا محەمەد عەبدوڵڵای بایەزیدی درێژەی بە خوێندن داوە و هەر لای ئەویش ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە، دوای تەواوکردنی خوێندن لەسەر داوای میری سۆران چووەتە ڕەواندز و بووەتە قازی و مودەڕیسی میرایەتی سۆران لە شاری ڕەواندز.

پاش ماوەیەک گەشتی سابڵاخ دەکات بۆ فێربوونی زمانی فارسی، ئەو سەفەرەی لە ساڵی (١١٩٢کۆچی ١٧٧٨ز)دا بووە، لەو گەشتەیدا تەنیا ساڵێک ماوەتەوە و فێری زمانی فارسی بووە و دانراوی بە زمانی فارسی هەیە(١).

پاشان مامۆستا ئەحمەدیان دەڵێت: (بە داخوازی بداغ خان و بەهۆی خۆشەویستی ئەو بوو کە ئیبنوئادەم کتێبی

قورس گرینگی (فەتاوای کوبرای ئیبنوحەجەری لە زمانی عەرەبی وەرگێڕایە سەر زمانی فارسی).

کەسێک تازە فێری زمانی فارسی بووبێت چۆن توانی (فەتاوای کوبرای ئیبنوحەجەر) بکات بە فارسی؟ لەگەڵ ئەوەشدا ئەو سەرچاوانەی پێشتر ئاماژەمان پێدان و ئەو ژمارە نامەی ماستەر و دکتۆرای لەسەر مەلای ئیبنوئادەم هاتوون هیچیان باسی ئەو بەرهەمەی ئیبنوئادەمیان نەکردووە.

یەکێک لە دەستنووسەکانی ئیبنوئادەم لەلایەن (مەلا عەبدوڵڵا سەعید مەلا وەیسی: سەرۆکی یەکێتیی زانایانی کوردستان) کە یەکێکە لە نەوەکانی مەلای ئیبنوئادەم لێکۆڵینەوەی لەبارەوە کراوە و چاپکراوە، ئەویش ئاماژەی بەو دەستنووسەی باپیری نەکردووە لەو بەرهەمەدا، کە بێ گومان نەوەیەکی مەلازادە و لە هەمان کاتدا دەستنووسەکانی مەلای ئیبنوئادەمی باپیریان لەلایەن بنەماڵەی ئەوانە پارێزراوە و تا کاتی ئێستا چۆن ئاگای لە و دەستنووسەی ئیبنوئادەم نەبووە.

هەرچەندە نووسەر نموونەی وەرگێڕانەکەی هێناوە، بەڵام لەو بڕگەیەدا نووسەر دەڵێت: (لە ناوەڕاستی مانگی ڕەمەزانی ١٢٢٧ وەرمگێڕا) ئەم مێژووە بەرانبەرە بە (١٨١٢/٩/٢٢ز)، هەرچەندە زۆر پێش ئەو مێژووە ئیبنوئادەم گەڕاوەتەوە ڕەواندز، بەڵام دەکرێت لێکۆڵینەوەی ورد لەو بارەیەوە بکرێت و هەوڵی ساغکردنەوەی ئەو دەستنووسە بدرێت، ئایا ئەو دەستنووسە بوونی هەیە؟، یان ئەوە پشتڕاست دەکرێتەوە کە ئیبنوئادەم نووسیویەتی؟.

نووسەر لە بڕگەیەکی تردا دەڵێت: (ئیبنو ئادەم لە ماوەدایەکی زەمەنی دوورودرێژ لە ساباڵغ ژیاوە، هەر لەو شارەو لەو مەڵبەندە سەدان فەقێ و مەلا و زانای پێگەیاندووە و چەندان کتێبی نووسیوە و گەلێک چالاکی ڕۆشنبیریی بە ئەنجام گەیاندووە، کە وابێ بەبێ شک لە کەسایەتییەکانی ساباڵغ لە ئەژماردێ، هەروەک لە زۆربەی هەرەزۆری ئەو کتێبانەی وا لە مەڕ ژیان و بەسەرهاتی کەسایەتییەکانی ساباڵغ و ناوچە نووسراوە هەر لە زانایان و عولەمای ساباڵغ ژمێراوە).

مامۆستا ئەحمەدیان لە نووسینێکی تردا لە ژمارە (٢٤٢)ی گۆڤاری (ڕامان)دا لەسەر مێژووی ساباڵخ ئەم بۆچوونەی دووبارە کردووەتەوە و ماوەی مانەوەی



شێخ محەمەدی خاڵ

ئیبنوئادەمی لە ساباڵغ بە (٥٣)ساڵ داناوە، بەڵام ڕەنگە (٥٣) لەگەڵ (٣٥) هەڵەی چاپ بێت و ئەو دوو ژمارە پاش و پێش کرابێت، بەڵام جارێکی تر ئەوە دووبارە دەکاتەوە کە مەلای ئیبنوئادەم یەکێکە لە زانایانی ساباڵغ.

پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە ئیبوئادەم زۆر کەم لە ساباڵغ ماوەتەوە، بەڵام ئەو سەدان فەقێ و مەلا و زانا مامۆستای ئەحمەدیان دەتوانێت ناوی هەندێکیان بنووسێت؟ هەروەها دەتوانێت ئەوە ساغ بکاتەوە کە لای مەلای ئیبنوئادەم خوێندوویانە؟ ئەو چەندان کتێبە کامانەن کە ئیبوئادەم لە ساباڵغ نووسیونی؟ هیچ یەک لەو باسانە لە ژیاننامەی ئیبوئادەمدا باس نەکراون، مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ لە (الشیخ معروف النودهي)و مامۆستای مودەڕیس لە (علماؤنا في خدمة العلم والدین) ئاماژەیان بەوە نەکردووە، ئەم دوو سەرچاوە باوەڕپێکراوترین سەرچاوەی ژیاننامەی مەلای ئیبنوئادەمن و ئەو نووسەرانەی تری دوای ئەوان هەموویان لەوانیان وەرگرتووە.

هیوادارم مامۆستا ئەحمەدیان ئاماژە بەو سەرچاوانە بکات کە باس لە مانەوەی مەلای ئیبنوئادەم دەکەن لە ساباڵغ، هەروەها باس لە پێگەیاندنی فەقێ و ئیجازە پێدراوەکانی مەلای ئیبنوئادەم و نووسینەکانی لە ساباڵغ

بکات، ئەگەر مامۆستا ئەحمەدیان بە سەرچاوەی باوەڕپێکراو ئەوە بسەلمێنێ کە مەلای ئیبنوئادەم ئەو زەمەنە زۆرە لە سابلاغ ماوەتەوە و ئەو سەدان مەلا و زانایای پێگەیاندووە و کتێبی نووسیوە، زۆر لەو نووسیانەی لەسەر ئیبنوئادەم نووسراون هەڵدەوەشێنەوە و ناڕاستییان دەردەکەوێت، بەتایبەتی سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانی ژیاننامەی ئیبنوئادەم، لە سەرەکی ترینیان (الشیخ معروف النودهي- الشیخ محمد الخال، علماؤنا في خدمة العلم والدین- المدرس، حاجی قادری کۆیی- مەسعوود محەمەد)، ئەم سێ سەرچاوەیە سەرەکیترینی ئەو سەرچاوانەن کە نووسەران لەباسی ژیانی ئیبنوئادەمدا پشتیان پێ بەستوون بەخودی مامۆستا ئەحمەدیانیشەوە.

هەرچەندە سابلاغ شارێکی فەرهەنگی و گرنگی کوردستانە و لە خوێندنگەکانی ئەو شارەدا دەیان زانای گەورە دەرسی وتووەتەوە و بەسەدان فەقێ و مەلای باش و زانا و شاعیر و نووسەری گەورە لەو شارەدا پێگەیشتوون، بەڵام مەلای ئیبنوئادەم بە یەکێک لە زانایانی ئەو شارە ئازیزە دانانرێت، نە لەو شارەدا لەدایک بووە و نە لەو شارەدا خوێندنی تەواوکردووە، لە هەمان کاتدا هیچ سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو باسیان لەوە نەکردووە ئیبنوئادەم لەو شارەدا دەرسی بە فەقێیان وتبێتەوە، لە هەمان کاتدا هیچ یەکێک لەو سەرچاوانەی باسی ئیبنوئادەمیان کردووە بە زانایەکی سابلاغی ناویان نەبردووە(٢).

هەرچەندە مامۆستا ئەحمەدیان باس لەوە دەکات مەلای ئیبنوئادەم لە سابلاغدا سەدان فەقێ و زانای پێگەیاندووە و خوێندنگەی هەبووە، بەڵام کە دێتە سەر باسی قوتابییەکانی مەلای ئیبنوئادەم هەر ناوی ئەو قوتابییانە دەنووسێت کە لەناوچەی باڵەکایەتی و ڕەواندز مەلای ئیبنوئادەم دەرسی پێ وتوون وەک: مەولانا خالیدی نەقشبەندی و شێخ عەلی وەسانی و مەلای خەتێ و... تاد، بەڵام ناوی هیچ کەسێک نابات لای مەلای ئیبنوئادەم لە سابلاغ خوێندبێتی، ئەمەیش گومان دەخاتە سەر ئەوەی کە مەلای ئیبنوئادەم لە سابلاغ دەرسی نەوتووەتەوە، یان زۆر کەم دەرسی وتووەتەوە و ئەو کاریگەرییەی نەبووە.

لە هەندێ نووسیندا دەربارەی قوتابییەکانی مەلای ئیبنوئادەم ناوی حاجی قادری کۆیی شاعیر و مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادەی هاوڕێی خوێندنی هاتووە و مامۆستا ئەحمەدیانیش هەمان شتی دووبارە کردووەتەوە، بەڵام ئەو بۆچوونە هەڵەیە، چونکە حاجی قادری کۆیی لە ساڵی ١٨١٧ز لەدایک بووە، بە بۆچوونی مامۆستا مەسعوود محەمەد لە ساڵی ١٨٢٤ز لەدایک بووە، مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادەیش لە ساڵی (١٨٣٥ز) لەدایک بووە، مەلای ئیبنوئادەم لە ساڵی ١٨٢٢ز کۆچی دوایی کردووە، کاتێک حاجی و مەلا عەبدوڵڵا گەشتی خوێندنی ناوچەی باڵەکایەتییان کردووە، ئیبنوئادەم نەماوە، بەڵام لای مەلا ئەحمەدی کوڕی ئیبنوئادەم و مەلای خەتێی قوتابی ئیبنوئادەم خوێندوویانە و لە ڕێگەی ئەوانەوە حاجی کەوتووەتە ژێر کاریگەری بۆچوونەکانی مەلای ئیبنوئادەم.

ئیبنوئادەم سەرەتای خوێندنی لای باوکی لە گوندی (ڕۆست) دەست پێ دەکات، باوکی مەلایەکی بە توانستی خاوەن حوجرە و فەقێ بووە، پاشان بەشوێن تەواوکردنی خوێندن و بەدەستهێنانی زانیاریدا زۆر ناوچەی کوردستان گەڕاوە، لای زۆر لە زانا گەورەکانی سەردەمی خۆی خوێندوویەتی و لە زانیارییان بەهرەمەند بووە، وەک زانای گەورە مەلا محەمەد عەبدوڵڵای بایەزیدی کە فەقێی زانای گەورە (صبغة الله الحیدري)بووە، دوای تەواوکردنی خوێندن گەشتی مەهاباد دەکات بۆ فێربوونی زمانی فارسی لە ساڵی ١١٩٢کۆچی ١٧٧٨زایینی، لەو گەشتەیەدا بەباشی فێری زمانی فارسی بووە و کتێبی دانراوی بە زمانی فارسی هەیە، دوای بەدەستهێنانی ئیجازەی عیلمی لە ساڵی ١١٨٦ کۆچی، میری سۆران داوای لێ دەکات بچێتە ڕەواندز وەک قازی و موفتی ئەو شارە دەست بەکاربێ، ئەویش ڕازی دەبێت و وەک موفتی گشتی میرنشینەکە دیاری دەکرێت، دوای چوونی بۆ ئەو شارە و بوون بە قازی و موفتی گشتی بەردەوام دەبێت لەسەر دەرس وتنەوە و کتێب دانان، میر ڕێزێکی زۆری لێ دەگرێت و جێگەی پرس و ڕاوێژی ئەو میرنشینە بووە و بەسەدان فەقێی لێ کۆدەبێتەوەو چەندان زانای گەورە لە زانستی بەهرەمەند دەبن و دەکەونە ژێر کاریگەری و بیرکردنەوەی، لە تایبەتمەندییەکانی ئەو زانا گەورەیە زۆر چاونەترس و ئازاو زانا و هەقپەروەر بووە، دژی خورافە و بیری



مەسعوود محەمەد

دواکەوتوو و ستەم و زۆر بووە و لەو پێناوەشدا گوێی بە لۆمەی لۆمەکاران نەداوە و لە وتنی هەقدا سڵی لە هیچ بەربەستێک نەکردووەتەوە(٣).

دوای ئەوەی لەگەڵ میر محەمەدی ڕەواندزیدا (پاشای کوێرە) نێوانیان تێک دەچێت بەهۆی ڕەخنەگرتنی لەو ستەم و ناڕەواییانەی میر لە خەڵکە هەژار و نەدارەکەی دەکرد و بێ دەنگ نەبوونی مەلای ئیبنوئادەم لە ئاست ناڕەواییدا بەهۆی هەقپەروەری خۆی، هەروەها وەک ئەرکێکی ئایینی ئیسلام کە داوا لە شوێن کەوتووانی دەکات لە ئاست کاری خراپ و ناڕەوادا بێ دەنگ نەبن، ئەویش لایەنی ئایینداری زۆر بەهێز بووە و ئەو پاڵنەرە ئایینییە هەموو کات وای لێ کردووە بەگژ خراپەکاری و ناڕەواییدا بچێتەوە، دوای ئەوەی ناچار دەکرێت لەلایەن میر محەمەد کوێرەوە ڕەواندز بەجێ بهێڵێت، دەچێتە گوندی (دێڵزە)و لەوێ لەسەر دەرس وتنەوە و کتێب دانان بەردەوام دەبێت و زیاتر لە سەد کتێبی لە هەموو زانستە عەقڵی و نەقڵییەکاندا هەیە.

کۆمەڵێک بۆچوونی جیاواز دەربارەی مێژووی کۆچی دوایی مەلای ئیبنوئادەم هەیە، بۆچوونی یەکەم پێی وایە لە ساڵی ١٢٥٢ کۆچی بەرانبەر ١٨٣٦زاینی لە گوندی دێڵزە کۆچی دوایی کردووە(٤)، بەڵام مەلا وەیسی کوڕی مەلا عەبدوڵڵا کە یەکێکە لە نەوەکانی مەلای ئیبنوئادەم دەڵێ: لە ساڵی ١٢٦٠ کۆچی بەرانبەر ١٨٤٤ زاینی کۆچی دوایی کردووە(٥).

بەڵام ئەو بۆچوونانە ورد و ڕاست نین، بەپێی دەستنووسێک کە دەست (فائیز مەلا بەکر) کەوتووە و لەسەر بەرگی کتێبی (شرح العقائد) بەدەست خەتی (عەبدالقادر السراني) نووسراوە، لە ساڵی ١٢٣٧ کۆچی، کە لەو کاتەدا ناوبراو لە گوندی (وەرتێ) لای مەلا سەعدەدین خوێندوویەتی دەڵێ: زانای گەورەو ناسراو مەلا محەمەد مەلا ئادەم کۆچی دوایی کرد لە مانگی ڕەبیعی دووەم لە شەوی دووشەمە ساڵی ١٢٣٧ کۆچی پێغەمبەر- داخ بۆ ماڵئاوایی.

مانگی ڕەبیعی دووەمی ساڵی ١٢٣٧ک دەکەوێتە نێوان (١٢٣٧/١٢/٢٦ چوارشەممە هەتا ١٨٢٢/١/٢٤ز پێنج شەممە) ئەم مێژووە لەبەر ئەوەی ڕۆژەکەی نەنووسراوە بەرانبەرە بە یەکێک لە ڕۆژەکانی ٢٦ کانونی یەکەمی ساڵی ١٨٢١، یان ٢٤ کانوونی دووەمی ١٨٢٢زاینی(٦).

ڕۆژی ١٨٢١/١٢/٢٦ چوارشەممە بووە، تەنیا ڕۆژی ١٨٢١/١٢/٣١ دووشەممە بووە، مەلای ئیبنو ئادەم، یان لەو ڕۆژە کۆچی دوایی کردووە، یان لە یەکێک لە ڕۆژەکانی (١/٧/ یان ١/١٤/ یان ١٨٢٢/١/٢١ز) کە سێ دووشەممەیە دەکەوێتە مانگی ڕەبیعی یەکەمی ١٢٣٧کۆچییەوە.

ئەم مێژووە ڕاستترین و باوەڕپێکراوترین مێژووی کۆچی دوایی مەلای ئیبنوئادەمە، چونکە نووسەری ئەو مێژووە (عبدالقادر السراني) هاوچەرخی ئەو زانا پایە بەرزە بووە، لەهەمان کاتدا لە سەردەم و ڕۆژی ڕووداوەکەدا مێژووەکەی تۆمار کردووە، نووسین و تۆمارکردنی مێژووی هەندێ ڕووداو لە پەراوێز و لەسەر بەرگی کتێب لەو سەردەمەدا و هەتا ئەم دواییانەش لەناو مەلا و خوێندەواری کوردا باوبووە، بێ گومان مردنی زانایەکی وەک مەلای ئیبنوئادەم ڕووداوێکی گەورە بووە، بەتایبەت بۆ کەسانێک کە دۆستایەتییان لەگەڵ ئەو کەسەدا هەبووبێ، یان سوختە و فەقێی ئەو زانایە بووبن، گوندی وەرتێش نزیکە لە ناوچەکە و گوندی دێڵزەوە کە شوێنی وەفاتی ئیبنوئادەمە، دەکرێت هەر لە یەکەم ڕۆژی ڕووداوەکەوە هەواڵەکە گەیشتبێتە مەلایان و فەقێ و قوتابییانی حوجرە و دەنگدانەوەی زۆری هەبووبێ و لەو

ڕۆژەدا ئەو مێژووە تۆمار کرابێت(٧).

## پایەی زانستی مەلای ئیبنوئادەم

مـەلای ئبنوئادەم زانایەکی گـەورە و بلیـمـەتێکی سـەردەمـەکـەی خـۆی بووە، دانراوەکـانی لە بوارە جیاوازەکانی زانستەکانی ئەو سەردەمەدا کە زیاتر لەسەد کـتـێب دەبن بەڵگەی زانایی و بلیـمـەتی ئەو زانا هەڵکەوتووەن، (ئیـبـراهیم فـەصـیح حـەیدەری) کـە هاوچەرخی مـەلای ئیـبنوئادەمـە و لای مـەلا ئەسـعـەد حەیدەری باپیری مەلا ئیبنوئادەمی بینیوە، لە کتێبی (عنوان المجد)دا دەڵێ: یەکێک لەوانەی بە سەردەمەکەی گەیشتووم، من منداڵ بووم لای باپیرم ئەسعەد حەیدەری بوو، زانای گەورەی هەمـوو جیـهـان، گەورەتر لە هەمـوو مـامـۆستاکانی ئێراق، خاوەنی دانراوی زۆر و نووسینی بەسـوود، مـامـۆستـای هەمـوان لە هەمـوو زانسـتـێکدا، مامۆستامان محەمەدی کوڕی ئادەمی کوردی گۆڕی پڕ نوور بێت، یەکێک لە قوتابییـەکـانی مەولانا خالیـدی نەقـشـبـەندییە، هەمـوو زانا گـەورەکـانی ئێـراق لایان خوێندووە، باپیری من، مـامـۆسـتـامـان مـەلا یەحـیـای مزووری، زانای گەورە مەلا عەبدولڕەحمانی ڕۆژبەیانی، ئەمانە مامۆستای هەموو زاناکانی ئێراق بوون، هەموو زاناکـــان دانیــــان بە گـــەورەیی و پێـــشـکەوتنی لە زانسـتـەکـاندا ناوە، لە پلەی فـەخـرەددینی ڕازیدا بووە، زیاتر لە ســەد دانراوی هەیە لە زانســتــە نەقــڵـی و عەقڵییەکاندا، ڕاڤەی کتێبی (اثبات الواجب)ی کردووە لە زانسـتی کـەلامـدا کـە یەکـێکە لە کـتـێـبـە هەرە ناسکەکـانی کـەلام بێ گـەڕانەوە بۆ کـتـێـبـەکـانی تری زانستی کەلام، زانایەکی گەورەی سەردەمی خۆی بووە، ئەگەر هەمـوو کتێبەکـانی زانست ون بوونایە دەیتـوانی وێنەیان لەبەر بنووسێتەوە، ئەمە زیادەڕەوی نییە دەیڵێم، بەڵکو ڕاستییەکە کە هەموو زانایانی ئێراق ئیـعتیرافیان پێ کــــردووە، ســــەفــــەری زۆر بووە، ئاییـنداری زۆر بەهێـزبووە، لە پێناو گـەیاندنی ئاییـندا گـوێی بە لۆمـەی لۆمـەکـاران نەداوە، زانســتی لە زانای گـەورە مــەلا عەبدوڵڵای بایەزیدی وەرگرتووە، کە ئەویش ئیجازەی لە زانای گەورە باپیرەمان مامۆستای هەموو مامۆستاکانی ئێراق بەکۆی دەنگ خواناس سەبغـەتوڵڵای حـەیدەری وەرگرتووە(٨).

مـەلا عـەبدولکـەریمی مـودەڕیس لە باسی ئیـبنوئادەمدا دەڵێ: زانای هەرە گەورە، بلیمەت و گەورە زانای چەرخی خـۆی مـوحـەمەدی کـوڕی ئادەمی باڵەکی خـاوەنی زۆر دانراوی بەنرخ(٩)، ئەم زاتە عـــالمێکی زۆر گـــەورەو هەڵکەوتوو و موئەلیفێکی خاوەن قەڵەم بووە، لە هەمـوو عیلمێکی عەقڵی و نەقڵیدا تەئلیفی هەیە، یەکێک بووە لە مەلا هەرە بەناوبانگەکانی سەردەمی خۆی، فەقێی زۆر چاکی هەبووە و لە هەمـوو لایەکی کـوردسـتـانەوە ڕوویان تێ کردووە، مەولانا خالیدی نەقشبەندی و مەلای خەتێ و مەلا عەلی وەسانی لەو فەقێ گەورانە بوون(١٠).

مـامـۆسـتـا شێخ محـەمـەدی خاڵ بە گـەورەی زانایان و مـامـۆسـتـای بێ وێنەی بواری زانست و فـێـرکـردن ناوی دەبات، هەروەها باس لە بیـری بەرز و توانایی زانسـتی دەکـات لەناو دانراوەکـانیـدا کـە هەمــوویان بەپێـزو بەرزن(١١).

هەروەها مامۆستا مەسعوود محەمەد دەڵێ: عەلامەی بێ مانەندی ئەو دەمە کە زانا گەردەن کێلەکانی ڕۆژگاری خۆی دانیـان بە پێشەوایەتیدا نابوو (محـەمـەدی کـوڕی ئادەمی باڵەکی) بوو، عیلمی ئیبنوئادەم سنووری خەیاڵی تێپەڕاندبوو وەک تەئلیفەکانی سنووری ژمارەیان بەزاند بوو(١٢).

ئیـبـنوئادەم زانایەکی گـەورە و دەریایەک لە زانست بووە، یەکـێک بووە لە زانا گـەورە و بەناوبانگەکـانی ڕۆژگـاری خۆی ئەگـەر نەڵێین لە هەمـوویان گـەورەتر، لە زۆربەی زانست و هونەرەکـاندا دەسـتی باڵای هەبووە، ڕۆشنبیـرییـەکی بەرفـراوانی بووە، بەهۆی ئەو توانایی زانسـتییەوە لەلایەن زانا گەورە و ناسراوەکانی ئێراقەوە ڕێز و حورمـەتی زۆری لێ گـیـراوە، ئەوانەی لە زانسـتـە عـەقـڵی و نەقڵـیـیـەکـاندا دانیـان بە پلە بەرزیدا ناوە، بەڕاستی زانایەکی گەورە و پایە بڵند بووە(١٣).

زۆر لە زانایان لە کۆن و نوێدا باسی زانایی و گەورەیی ئیبنوئادەمیـان کردووە و دانیـان بە باڵادەستی ئەو زانا بلیـمـەتەدا ناوە لە هەمــوو زانسـتــە عــەقــڵی و نەقڵـیـیەکـانیدا، داواکردنی لەلایەن میری سۆرانەوە بۆ ڕەواندز و کردنی بە قازی و موفتی گشتی میرنشینەکە بەڵگەی گـەورەیی و ناسـراوی ئەو زانا گـەورەیە بووە، هەروەها چوونی فـــەقێ لە ناوچە جـــیـــاوازەکـــانی کـوردسـتـانەوە بۆ لای ئیـبنوئادەم بەڵگەی گـەورەیی و

ناسراوی ئەو زاتە بووە، چوونی کەسێکی وەک مەولانا خالید لە سلێمانییەوە بۆ ناوچەی باڵەکایەتی بۆ لای ئەو زاتە کە لەو کاتەدا سلێمانی خوێندنگە و زانای گەورەی تێدا بووە، بەڵگەی ئاشکرای گەورەیی و ناوبانگی مەلای ئیبنوئادەمە.

## هۆیەکانی پێگەیشتنی ئیبنوئادەم

بێ گومان هەر زانا و هەڵکەوتوویەکی مێژووی مرۆڤایەتی کۆمەڵێک هۆی بابەتی و مەوزوعی لە پشت پێگەیشتن و دەرکەوتنییەوەن و هیچ کەسێ لەخۆڕا وەک قارچک هەڵناتۆقێ و پێناگا ئەگەر هەلومەرج و بارودۆخی گونجاوی بۆ نەڕەخسێ، زانایەکی بلیمەت و گەورەی وەک ئیبنوئادەمیش لە سەردەمێکی وەک ڕۆژگاری ئەو کۆمەڵێک هۆ یارمەتی پێگەیشتن و دەرکەوتنیانی داوە، بۆیە بووەتە ئەو زانا گەورە خاوەن قەڵەمە بەپێزە و حوجرە و قوتابی و فەقێی زۆر، لە گرنگترین هۆیەکانی دەرکەوتنی ئەو زانا بەهرەمەندە ئەمانەن:

**یەکەم:** زیرەکی و بلیمەتی خۆی: ئیبنوئادەم زۆر زیرەک و لێهاتوو و بلیمەت بووە، زۆر لەو سەرچاوانەی باس لە ژیانی ئیبنوئادەم دەکەن باس لەوە دەکەن کە توانایی و زیرەکی ئەو زانا بەهرەمەندە لە ڕادەبەدەر بووە، هەروەها زۆر سوربووە لە خوێندنی زیاتر و فێربوونی زانستە جیاوازەکان، تەنانەت بۆ فێربوونی زمانی فارسی سەفەری مەهاباد دەکات و نزیکەی ساڵێک لەوێ دەمێنێتەوە، هەتا بە باشی فێری زمانی فارسی بووە، هەر لە سەردەمی منداڵیدا خوێندنی مەلایەتی تەواوکردووە و حاشیەی لەسەر زۆر لەو کتێبانە نووسیوە کە ئەو کات مەنهەجی خوێندنی حوجرە بوون، بە تایبەتی لە زانستە عەقڵییەکاندا و لە زانستی کەلامدا دەستی باڵای هەبووە، شەرحی کتێبی (اثبات الواجب)ی کردووە بێ ئەوەی بۆ سەرچاوەکانی تری زانستی کەلام بگەڕێتەوە (١٤)، هەروەها دانانی زیاتر لە سەد کتێب لە زانستە جیاوازەکانی زمانی عەرەبی و لۆژیک و زانستی کەلام و فیقە و ئوسوولی فیقە بەڵگەی بلیمەتی و زیرەکی مەلای ئیبنوئادەمن.

**دووەم:** خێزان و بنەماڵەکەی: خێزان و بنەماڵەی ئیبنوئادەم و ئەو گوندەی تێیدا لە دایک بووە گوندی (ڕۆست) جێگەیەکی زانستی بووە و مزگەوت و زانا و حوجرە و کتێبخانەی تێدا بووە، باوکیشی مەلا ئادەم مەلایەکی بەتوان و خاوەن حوجرە و فەقێ بووە، ئیبنوئادەم هەر بە منداڵی کە چاو دەکاتەوە لەناو خێزانێکی زانستپەروەر و ژینگەیەکی زانستیدا چاو دەکاتەوە، سەرەتا لای باوکی دەست بە خوێندن دەکات، پاشان بەدوای خوێندندا دەڕوات و لای مەلا عەبدوڵڵای بایەزیدی ئیجازەی عیلمی وەردەگرێت، گوندی ڕۆست زۆر زانای گەورەی تێدا هەڵکەوتووە، بە تایبەتی لە هەردوو سەدەی دوازدە و سیازدەی کۆچی بەرانبەر هەژدە و نۆزدەی زایینی، لەو دوو سەدەیەدا چەندان دەستنووسی بەنرخ لەو گوندەدا نووسراون(١٥)، ناوچەی باڵەکایەتی لەو کاتەدا مەڵبەندێکی زانستی گەشاوە بووە، ئاغاکانی باڵەک پشتگیری زانایان و زانست و ڕۆشنبیرییان کردووە بە سنگێکی فراوانەوە، لەو مەڵبەندە زانستییەدا زۆر زانای گەورە دەرچوون، یەکێک لەو زانا بەهرەمەندانە مەلای ئیبنوئادەمە(١٦)، بێ گومان لە ناو کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی ئەو سەردەمەدا ئەگەر کەسێک لەناو خێزان و ژینگەیەکی لەو شێوەیەدا لەدایک نەبێت زۆر زەحمەتە هەلی خوێندن و خۆپێگەیاندنی بۆ بڕەخسێ و بتوانێت بگاتە ئاستی زانا گەورەکانی جیهانی ئیسلامی.

**سێیەم:** کۆچی بنەماڵە زانستییە کوردەکان لە ئێرانەوە بۆ کوردستان: کۆچی کۆمەڵێک بنەماڵە و خێڵی کورد لە ژێر گوشار و تۆقاندنی سەفەوییەکاندا لە ئێرانەوە بەرەو کوردستان و خۆحەشاردانیان لە چیا سەختەکانی کوردستاندا، بەتایبەت حەیدەرییەکان کە بنەماڵەیەکی خوێندەوار و زانستی بوون(١٧)، ڕۆڵ و کاریگەری زۆری لە بووژانەوە و پێگەیاندنی چەندان زانای گەورەدا هەبوو(١٨)، زۆر لە زانا گەورەکانی کوردستان و ئێراق ڕشتەی ئیجازە نامەکانیان دەچێتەوە سەر زانای گەورە سەبغەتوڵڵای گەورەی حەیدەری(١٩)، ئیبنوئادەمی باڵەکی لە زانست و توانایی ئەو بنەماڵە بەهرەمەند بووە، بەتایبەت بە خزمەت مەلا ئەسعەدی حەیدەری گەیشتووە، ئیجازەی عیلمیش لە مەلا عەبدوڵڵای بایەزیدی وەردەگرێت کە یەکێکە لە ئیجازە پێدراوەکانی مەلا سەبغەتوڵڵای حەیدەری، کەواتە ئیبنوئادەم لە خودی حەیدەرییەکان و قوتابییەکانیان بەهرەمەند بووە و سوودی

زانستی زۆری لێوەرگرتوون تا گەیشتووەتە ئەو پلەوپایە بەرزە زانستییە کە سەدان دانراوی بەنرخ و دەیان قوتابی و فەقێی گەورەی هەبووە و ئیجازەی عیلمی بە چەندان زانای گەورەی سەردەمی خۆی داوە.

هەروەها کۆچی ژیانی ڕۆشنبیری و زانستی لە شارە گەورەکانی ناوەڕاست و باشووری ئێراقەوە لەدوای هێرشی مەغۆلەکانەوە بۆ دیهاتەکانی ناو چیاکانی کوردستان کە شوێنێکی سەخت بوون و دەستی داگیرکەرانی پێ نەدەگەیشت، دوای ڕووبەڕووبوونەوەی پەلاماری دوژمنان بۆ ئەو ناوچانە، ئەم کۆچەیش وای کرد سەدان خێزانی زانستی ڕووبکەنە کوردستان و کاریگەرییان لەسەر بەرەوپێشچوونی ژیانی زانستی و فیکری ناوچەکە هەبێت(٢٠).

**چوارەم:** میرایەتی سۆران و میرەکەی: میرایەتی سۆران لە سەردەمی مستەفا بەگ و دوای خۆیشی لە سەردەمی محەمەدی کوڕیدا پاشای کۆرە گرنگییان بە زانایان و خوێندن دەدا، خوێندنیش تەنیا خوێندنی ئایینی و مزگەوت بوو، پاڵنەری سەرەکی ئەوەبوو کە ئەو زانا و خوێندەوارانە ببنە بەشێک لە پێکهاتەی دەسەڵاتەکەی کە هەستی فراوانخوازی و گەورەکردنی میرایەتییەکەی هەبوو، خودی میر محەمەدی میری کۆرە خۆیشی دەرچووی خوێندنی حوجرە و مزگەوت بووە و ماوەیەک لای مەلای ئیبنوئادەم خوێندوویەتی، ئەمەیش پاڵنەرێکی تر بووە کە پشتگیری زانایان بکات، هەموو ئەمانە و پشتگیری میری کۆرە لە خوێندن و بردنی مەلای ئیبنوئادەم بۆ ڕەواندز و کردنەوەی خوێندنگەیەک لە کاولۆکان بۆ ئەو زانا گەورەیە هۆی بەرەو پێشچوون و دەرکەوتن و گەشانەوەی ئەستێرەی ئیبنوئادەم بوون(٢١).

ناوچەی باڵەکایەتی لە سەردەمی پاشای کۆرەدا مەڵبەندێکی پێشکەوتووی خوارووی کوردستان بووە لە ڕووی ژیاری و خوێندەواری و گوزەرانیشەوە، دیارە زانستپەروەری پاشای کۆرە لەکاتی حوکمڕانی خۆیدا ئەسەری هەرماوە تا ئەو کاتەی حاجی قادری کۆیی و هاوڕێکانی لەو ناوچەدا خوێندوویانە، حاجی قادر بەچاوی خۆی پاشماوەی کردەوەی پاشای کۆرەی دیوە، هەروەک پاشماوەی حاکمێکی دیکەی کوردیشی دیوە، بۆیە لەم بەیتەدا دەڵێ:

**تا تەعیناتی کۆر و لاڵ مابوو**
**لەگەڵێ دێیەکان مەلای چا بوو.**
**ئەو دووانە بە ڕەحمەتی خوا چوون**
**شارەکان بێ مەلا و مودەڕیس بون** (٢٢).

بەپێی بۆچوونی مامۆستا مەسعوود محەمەد مەبەست لە (کۆر و لاڵ) پاشای کۆرە و عەبدولڕەحمانی بابانە، واتە لە سەردەمی هەردوو میرایەتی سۆران و باباندا خوێندن گرنگی پێ دراوە و لە زۆربەی دێیەکانی کوردستان مەلای چاک و خوێندن هەبووە، یان مەبەستی لە لاڵ ئەحمەد پاشای برای میری کۆرە بێت، واتە لە سەردەمی میرایەتی سۆراندا خوێندن و فەقێ و مەلای چاک هەبووە(٢٣).

هەروەها لە پارچە هۆنراوەیەکی میللیدا کە دەدرێتە پاڵ مەلای ئیبنوئادەم، بەڵام ئەوە ڕاست نییە، چونکە ئەو شیعرانە زۆر سادەو میللین، لە هەمان کاتدا لە ساڵی (١٨٣٦ز) کە هێرش کراوەتە سەر میرایەتی سۆران مەلای ئیبنوئادەم لە ژیاندا نەماوە، هەروەها ئەو شیعرە میللییە سادانە لەگەڵ ئاستی زانایەکی وەک ئیبنو ئادەمدا ناگونجێن کە نزیکەی سەد دانراوی لە زانستە عەقڵی و نەقڵییەکاندا هەیە(٢٤)، بەڵام ئەو شیعرە ئاماژەیەکی زۆر گرنگی تێدایە کە لەو سەردەمەدا لە ناوچەی ڕەواندز و باڵەکایەتیدا کتێبخانە هەبووە:

**هەوران کردە گۆڵە گۆڵە**
**میکائیل ئەتۆش دەی**
**تووتن و ماشان بڕشێنە**
**دەبا نۆش بێتە سەر دەی**
**ڕۆمی ئەوا پەیا بوون**
**تویخانان دەکەن (گی)** (٢٥)

ئەم پارچە شیعرە میللییە بەڵگەیەکی ئاشکرایە کە لە ناوچەکەدا کتێب و کتێبخانە هەبووە، لەکاتی پەلامارەکەدا بەر شاڵاوی ڕۆمییەکان کەوتووە و وێران بووە.

**پێنجەم:** سەردەمی زانا گەورەکان: سەردەمی مەلای ئیبنوئادەم سەردەمی زانا گەورەکانی کوردستانە و ئەوەندەی زانای گەورە و خاوەن قەڵەم لەو سەردەمەدا هەبووە لە هیچ سەردەمێکی تری کوردستاندا نەبووە، وەک مەولانا خالیدی نەقشبەندی شێخ مارفی نۆدێ و مەلا ئەبوبەکری میر ڕۆستەمی و مەلا عەبدولڕەحمانی

ڕۆژبەیانی و مەلا یەحیای مزووری و مەلا محەمەدی خەتێ و مەلا عەبدوڵڵای جەلی و مەلا علی وەسانی و حەیدەرییەکان و قەرەداغییەکان و سەدان زانای تری خاوەن توانا(٢٦)، کە هەموو ئەمانە لە سەردەمی مەلای ئیبنوئادەمدا بوون، هۆی سەرەکی دەرکەوتنی ئەم زانا گەورانە کۆچی زۆر بنەماڵەی زانستی کوردستانی ئێران بەهۆی ستەم و تۆقاندنی سەفەوییەکان و نیشتەجێ بوونیان لەناوچە شاخاوییەکانی کوردستانی ئێراق، هەروەها بوونی دەسەڵاتی میرایەتییە کوردییەکانی سۆران و بادینان و بابان و پشتگیرییان لە خوێندن و زانایان، لە هەمان کاتدا ئەو نوێبوونەوە ئایینییەی مەولانا خالیدی نەقشبەندی هێنای بۆ کوردستان و ناوچەکە بە گشتی هۆی دەرکەوتن و پێگەیشتنی ئەو زانا گەورانە بووە، مەلای ئیبنوئادەمیش یەکێکە لەو زانا بەهرەمەندانە لەو سەردەمەدا سوودی لەو هەلومەرجە وەرگرتووە(٢٧).

وەک پێشتر ئاماژەمان پێ کرد کۆچی بنەماڵە زانستی و خوێندەوارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بۆ کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی جێگیربوونیان لەناو دێهات و ناوچە شاخاوییە سەختەکانی کوردستان بۆ خۆدەربازکردنیان لە هێرش و پەلاماری سەفەوییەکان و لە هەمان کاتدا کۆچی زانایان و قوتابخانە زانستییەکانی ناوەڕاست و باشووری ئێراق بەرەو کوردستان بەهۆی ئەو هێرش و پەلامارانەی ئەو ناوچانەی گرتبووەوە، ڕۆڵی گرنگی لەبەرەوپێش چوونی بزاڤی زانستی و خوێندەواری کوردستاندا بینی، هەروەها پشتگیری دەوڵەتی عوسمانی لە میرنشینە کوردییەکان بۆ هاوکاریکردنی ئەو میرایەتییانە لە ڕووی سەربازییەوە لەگەڵ عوسمانییەکان دژی پەلاماری سەفەوییەکان، هەروەها پشتگیری عوسمانییەکان لە خوێندن و ژیانی زانستی کوردستان و زانا کوردەکان تا بتوانن لە ڕووی ئایینی و فیکرییەوە بەرەنگاری هێرشی سەفەوییە شیعەکان ببنەوە، ئەوەیش هۆیەکی تری بەرەوپێشچوونی ژیانی خوێندەواری و فیکری و دەرکەوتنی زانای گەورە بووە لە کوردستاندا(٢٨).

### مەلای ئیبن و ئادەم و نیشتمان و زمانی کوردی

یەکێکی تر لە هەنگاوە نوێیەکانی ئیبنوئادەم کە پێش ئەو، ئەو هەنگاوە نەنراوە، بابەتی نیشتمان و نەتەوەییە، ئیبنوئادەم یەکەم کەسە پەخشانی بە زمانی کوردی نووسیوە، بەداخەوە هەرچەندە ئەو نووسینە نەماوە کە دیباجەی کتێبی (مشكاة المنقول) بووە، بەڵام لەو کاتەدا دەنگدانەوەی زۆری هەبووە و لەلایەن ناوەندە ئایینییەکە و مامۆستایانی سەردەمەکەیەوە ڕەخنەی لێ گیراوە، بەڵام ئیبنوئادەم زۆر بێباکانە وەڵامیان دەداتەوە و دەڵێ: ئەوانەی کە خۆیان کوردن و ڕەخنە لە نووسین بە زمانی کوردی دەگرن وەک هێلکە وان کە لە توێکڵەی خۆی بێتەدەر(٢٩)، واتە چۆن هێلکە هەتا لەناو توێکڵەکەی خۆیدا بێت نرخ و بەهای هەیە و ئەگەر شکا بۆگەن دەکات و توانایی مانەوەی نییە، بەو شێوەیەیش هەموو گەل و نەتەوەیەک بە زمان و کولتووری خۆیەوە قورسایی هەیە و توانایی مانەوەی هەیە، ئەم هەنگاوەی مەلای ئیبنوئادەم بۆ کات و سەردەمی خۆی زۆر گەورە و بوێرانە و داهێنەرانە بووە، وەڵامەکەیشی بۆ ئەو کەسانەی ڕەخنەیان لێ گرتووە ڕوون و ئاشکرایە کە چەند شانازی بە زمانی نەتەوەیی خۆیەوە کردووە.

مەلای ئیبنوئادەم لەسەر خەتێکی باریکی سنووری میانی حەقپەرستی و کوردایەتی ڕاوەستاوە، شوێن پێی ئیبنوئادەم لەسەر چەقی ڕێبازی کوردایەتیدا شوێن پێیەکە بەرهەم و ئەنجامی پەیڕەوکردنی فەلسەفەیەکی سیاسی سەر بە کوردایەتی نەبووە، بەڵکو لە شەقامێکی ترەوە هەنگاوی هەڵێناوە و بە ئاسایی لە سنووری حەقپەرستی ڕووتەوە بێ مەبەستێکی ماددی و دنیایی و فەلسەفی بووە، چوونە ناو کوردایەتی مەلای ئیبنوئادەم بەهۆی دڵی هۆشیار و فیکری حەقپەرستییەوە گەیشتووەتە ئەو ڕاستییە کە لە دەربڕینی کورد بوون و نووسینی کوردی و هێنانی ناوی کوردستان هیچی نادروست پەیدا نابێ چ (بدعة) ڕوونادا، لەم مەیدانەدا گاڵتەشی بەو کەسانە کردووە، نەخێر تاوانباری کردوون، کە بە لایانەوە نووسینی کوردی کارێکی ناڕەوایە(٣٠).

مەلای ئیبنو ئادەم زانایەکی ئەوتۆیە لەهەر میللەتێکدا هەڵکەوێ شانازی پێوە بکات، لە سەردەمی خۆیدا گەیشتووە بەوپەڕی شارەزایی و پسپۆڕی لەو زانستانەدا کە لەباو و ناودا بوون، لەبارەی فیکری ئازادیشەوە بەکێش و تەرازووی هەڵسەنگاندنی واتای (ئازادی) لەو سەردەمەدا ماوەیەکی فراوان لە تێکڕای خۆرهەڵات

پێشکەوتووەتەوە، ئەگەر چاو بە لیستێکی ناوی زانا گەورەکانی کورددا بگێڕین ناوی ئەو لە دێڕی هەرە پێشەوە دێ لەگەڵ چەند ناوێکی دیکە بایی دیرێک بکەن(٣١).

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

١- بڕوانە: الشيخ محمد الخال، الشيخ معروف النودهي، الطبعة الأولى، ١٩٦٣م، مطبعة التمدن، بغداد، ص١٠٣-١٠٤.

٢- بڕوانە: عبدالكريم محمد المدرس، علماؤنا في خدمة العلم والدين، عنى بنشره محمد علي القرداغي، الطبعة الأولى، ١٤٠٣هـ١٩٨٣م، دار الحرية بغداد، ص٥٠٧-٥٠٨. هەروەها: زبير بلال اسماعيل، محمد بن ادم البالكي، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی پێنجەم، ساڵی ١٩٧٧، ل٥٤٨. و مەسعود محەمەد، حاجی قادری کۆیی، بەرگی دووەم، ص١٣٢.

٣- بڕوانە: ابراهيم فصيح صبغة الله الحيدري، عنوان المجد في بيان أحوال بغداد والبصرة ونجد، الطبعة الأولى، ١٤١٩هـ ١٩٩٨م، دار الحكمة، لندن، ص١٣٥.

٤- الشيخ محمد الخال، الشيخ معروف النودهي، ص١٠٣.

٥- بڕوانە: زبير بلال اسماعيل، علماء ومدارس في أربيل، الطبعة الأولى، ١٤٠٤هـ ١٩٨٤م، مطبعة الزهراء الحديثة- موصل، ص١٠٢-١٠٣. مەسعود محەمەد، حاجی قادری کۆیی، بەرگی دووەم، ل٧٠٧. زبیر بلال اسماعیل، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی پێنجەم، ل٤٦٧-٤٨.

٦- بڕوانە: فائز الملا بكر، تصحيح تاريخ وفاة العلامة ابن آدم الكردي، گۆڤاری کاروان، ژمارە ٨٢ کانونی دووەمی ساڵی١٩٩٠. ل١٤٠ بەدواوە.

٧- ئیبراهیم فەصیح حەیدەری لە کتێبی (عنوان المجد في بيان أحوال بغداد والبصرة ونجد) دەڵێ یەکێک لەو زانایانەی بینیومە مەلای ئیبنوئادەمە، زۆربەی ئەو سەرچاوانەی باسی ژیانی ناوبراو دەکەن دەڵێن لە ساڵی ١٨١٩-١٨٢٠ز لە دایک بووە، ئەگەر ئەو مێژووە ڕاست بێت چۆن حەیدەری لە تەمەنی ٢ تا٣ ساڵی ئەو زاتەی بینیوە و زانیویەتی زانایەکی گەورەیە؟، بەڵام لێرەدا ساڵی لە دایکبوونی حەیدەری هەڵەیە، نەک ساڵی مردنی ئیبنوئادەم، چونکە هەر خودی حەیدەری دەڵێت: گەورەترین زانا کە بە سەردەمەکەی گەیشتووم مەولانا خالیدی نەقشبەندییە، لە تەنیشتییەوە دانیشتووم لە خەتمەی خواجەگانی، نەخۆش بووم دوعای بۆ کردم خوا شیفای دام، (ابراهيم فصيح الحيدري، عنوان المجد، ص١٣٥) ئەوەش چەسپاوە کە مەولانا خالید لە ساڵی ١٨٢٢ز شاری بەغدای بەجێ هێشتووە و چووەتە شام، ئیتر نەگەڕاوەتەوە بەغدا، ئەگەر حەیدەری لە دایکبووی ساڵی ١٨١٩ز بێت چۆن لە تەمەنی ٣-٤ ساڵیدا لە کۆڕی مەولانادا دانیشتووە و ئەو ڕۆژەی لەبیر دێت؟، کە پێش سەفەری مەولانا بۆ شام بووە، ساڵی سەفەری مەولانا بۆ شام هەمان ساڵی وەفاتی ئیبنوئادەمە، کەواتە ساڵی لەدایک بونی ئیبراهیم فەصیح حەیدەری بە هەڵە دانراوە.

٨- بڕوانە: ابراهيم فصيح صبغة الله الحيدري، عنوان المجد في بيان أحوال بغداد والبصرة ونجد، ص١٤٤.

٩- عبدالكريم محمد المدرس، علماؤنا في خدمة العلم والدين، عني بنشره محمد علي القرداغي، الطبعة الأولى ١٤٠٢هـ ١٩٨٣م، دار الحرية- بغداد، ص٥٠٧.

١٠- بڕوانە: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، یادی مەردان، چاپی یەکەم ١٩٧٩ز، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، بەرگی یەکەم، ل١٧-١٩.

١١- الشيخ محمد الخال، الشيخ معروف النودهي البرزنجي، ص١٠٣-١٠٤.

١٢- بڕوانە: مەسعوود محەمەد، لە پەرۆشیەکانی ژیان، چاپی دووەم ٢٠١١ز، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس- هەولێر، ل١٠٠.

١٣- بڕوانە: زبیر بلال اسماعیل، محمد بن ادم البالکي، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٧، بەغدا، بەرگی پێنجەم، ل٤٦٤.

١٤- ابراهيم فصيح الحيدري، عنوان المجد في بيان أحوال بغداد والبصره ونجد، ص١٤٤.

١٥- بڕوانە: د. عماد عبدالسلام رؤوف، مراكز ثقافية مغمورة في كردستان، الطبعة الأولى ٢٠٠٨م، مطبعة خاني- دهوك، ص٨٥-٨٦.

١٦ - بڕوانە: د. عماد عبدالسلام رؤوف، مراكز ثقافية مغمورة في كردستان، ص٣٢، هەروەها: بڕوانە: احمد عثمان ابوبكر، محمد بن ادم العالم الكردي الكبير، مجلة شمس كوردستان، العدد ٦، السنة الثانية تشرين الأول والثاني ١٩٧٣م، ص٢٣-٢٤.

١٧- دەربارەی تۆقاندن و توندوتیژی سەفەوییەکان بەرانبەر بەکورد بڕوانە: د. عەبدوڵا عەلیاوەیی، کوردستان لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا، چاپی یەکەم ٢٠٠٤ز، سلێمانی، ل٢١-٢٢.

١٨- مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس دەڵێ: بە گوێرەی مێژوو باپیرەی حەیدەرییەکان لە بەغدا و بەسرە ژیاون، پاش ماوەیەک بۆ وڵاتی (ماوراء النهر) کۆچ دەکەن، دوایی بە هۆی کێشەی سیاسی شا ئیسماعیلی سەفەوییەوە کۆچیان کردووە بۆ وڵاتی عوسمانی و لە هەولێر نیشتەجێ بوون. بڕوانە: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، بنەماڵەی زانیاران، چاپی یەکەم ١٣٨٩ هەتاوی- تاران، ل١٦٩، هەروەها خاوەنی کتێبی (عنوان المجد) دەڵێ: حەیدەرییەکان لە زوڵم و زۆری شا ئیسماعیلی سەفەوی ڕایان کرد بۆ شاخەکانی کوردستان و لە ناوچەی حەریر نیشتەجێ بوون، شا ئیسماعیل ئەوەندە دڕاندانە پەلاماری ئەهلی سونەی دا، تەنانەت ئیسکوپرووسکی زانا سونییەکانی لە گۆڕ دەردەهێنا و دەیسووتاند، زاناکانی دەکوشت و کتێبەکانی دەسووتاندن، هەتا هەموو خێڵە کوردەکان کە هەموویان ئەهلی و سونە و لەسەر مەزهەبی ئیمامی شافیعی بوون ڕوویان کردە ناوچەکانی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان. بڕوانە: ابراهیم فصیح الحیدري، عنوان المجد في بیان أحوال بغداد والبصرة ونجد، ص١١٩-١٢٠.

١٩- بڕوانە: ابراهیم فصیح الحیدري، عنوان المجد في بیان أحوال بغداد والبصرة ونجد، ص١٢٥. الدکتور اکرم عبدالوهاب محمد أمین، المقتطف من اجازات العراقیین وأسانیدهم، ص١١٥ وما بعدها.

٢٠- بڕوانە: الدکتور عماد عبدالسلام رؤوف، دراسات وثائقیة في تاریخ الکرد الحدیث وحضارتهم، الطبعة الأولی، ٢٠١٢م، دار الزمان، دمشق- سوریا. مؤسسة التفسیر، أربیل، ص٣٢٠.

٢١- بڕوانە: زبیر بلال اسماعیل، علماء ومدارس في اربیل، ص١٠٢ وما بعدها. وجمال نبز، الأمیر الکردي میر محمد الرواندزي، الترجمة الی العربیة فخري صلاحشور، الطبعة الثانیة ٢٠٠٣م، دار ئاراس- اربیل، ص٧٨ وما بعدها.

٢٢- حاجی قادری کۆیی، دیوانی حاجی قادری کۆیی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی سەردار حەمید میران، کەریم مستەفا شارەزا، پێداچوونەوەی مامۆستا مەسعوود محەمەد، چاپی دووەم ١٣٩٠، انتشارات کوردستان، سنه، ل٢٣٣-٢٣٤.

٢٣- مەسعوود محەمەد، حاجی قادری کۆیی، بەرگی دووەم، ل٦١-٦٢.

٢٤- ئیبنو ئادەم شاعیرێکی خاوەن توانایی بووە، نازناوی شیعری (واجم) بووە، شیعرەکانی لە ئاستێکی بەرزدان. بڕوانە: محمد علي القرداغي، خماسیات ابن ادم محمد بن ادم البالکي الکردي، مجلة الذخائر، العدد ١٧-١٨ شتاء- ربیع ١٤٢٤هـ٢٠٠٤م، ص١٨٢-٢٠١.

٢٥- مەسعوود محەمەد، حاجی قادری کۆیی، بەرگی دووەم، ل٧٧.

٢٦- بڕوانە: عبدالکریم محمد المدرس، علماؤنا في خدمة العلم والدین، ص٥٠٨-٥٠٩. ممدوح مزوري، بنەماڵانی بەناوبانگی ڕەواندوز، چاپ یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٨ز، ل٦٤-٦٥.

٢٧- بڕوانە: الدکتور عماد عبدالسلام رؤوف، دراسات وثائقیة في تاریخ الکرد الحدیث وحضارتهم.

٢٨- بڕوانە: الدکتور عماد عبدالسلام رؤوف، دراسات وثائقیة في تاریخ الکرد الحدیث وحضارتهم.

٢٩ - بڕوانە: مەسعوود محەمەد، حاجی قادری کۆیی، بەرگی دووەم، ل٨٤. هەروەها بڕوانە: د. عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، سەرەتاکانی هەستی نەتەوایەتی کورد لە مێژووی نوێدا، وەرگێڕانی سەڵاح عومەر، چاپی یەکەم ٢٠٠٦ز، چاپخانەی منارە- هەولێر، ل٢٦.

٣٠- بڕوانە: مەسعوود محەمەد، حاجی قادری کۆیی، بەرگی دووەم، ل٨٢-٨٣.

٣١ - هەمان سەرچاوە، ل٦٧.